**دەنگەکان** :پۆست هێلتەرمان لە( جینۆساید، هاوتاوانی، بێدەنگبوون)دا نیگەرانی ئەوەی هەبوو کە (سەدام حسێن) وەک (پۆڵ پۆت) لە خەوی شیرینیدا هەڵنەستێتەوە و لەسەر تاوانی ئەنفالەوە بۆ بەردەم دادگا پەلکێشی نەکەن و ئەو کێشەیە لەدەست بدرێ. گەرچی سەدام بە مەرگی پۆل پۆت نەرۆشت، بەڵام لە ڕووی کەیسی ئەنفالەوە هێنانی سەدام بۆبەردەم دادگا جیاوازییەکی ئەو تۆی لەگەڵ مەرگی(پۆل پۆت)دا نەبوو. پێتان وانییە مەرگی سەدام کار و ئەرکێکی زیاتری خستبێتە سەر شانی هەڵسوڕێنەرانی دژی جینۆسایدی کوردەوە بۆ ناساندنی ئەنفال وەک کردەیەکی دژی جینۆساید ؟

## یادێکی جەرگبڕ و دەسەڵاتێکی ساردو سڕ

### محەمەدی مشیر



4/14 ، 19 ساڵ بە سەر پرۆسە بەدناوەکەی ئەنفال تێدەپەڕێ، کە بە مەبەستی قڕانی نەتەوەی کورد لە لایەن ڕژێمی لەناوچووی بەعسەوە لە میانی هەشت هەڵمەتی یەك لە دوای یەکەوە ئەنجامدراو نزیکەی 8 مانگی خایاند، سەرەتا بەم بۆنە خەمناك و جەرگبڕەوە هاوخەمی خۆم ئاراستەی سەرجەم کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دەکەم و هیوادارم بەم نووسینەم بتوانم هەندێ لە ئازارەکانیان کەمکەمەوەو چەند خاڵێك لە مبارەیەوە بوروژێنم بەو ئومێدەی لە ئایندەیەکی نزیکدا سوودیان هەبێ و دەرەنجام هۆکارێك بن بۆ دابینکردنی مافی قەرەبووکردنەوەی سەرجەم خێزانە ئەنفالکراوەکان و دواتریش ناساندنی کێشەکە وەك کردەی جینۆسایدی کورد.

**سەرەتا بە پێویستی دەزانم لەرێگەی((دەنگەکان)) ەوە،ئاماژە بە رۆڵی بەرچاو وکارای ناوەندی (چاك) بدەم کە تائێستا بە هەوڵ و کۆششی ئەندامە دڵسۆز و خەمخۆرەکانی توانیویەتی چەند لایەنێکی گرنگی ئەم پرۆسە نەگریسە(ئەنفال) بە رای گشتی دەرەوە بناسێنێ ودۆسێی نهێنی چەند تاوانکارێ ئاشکرا بکاو لە نزیکەوە پەردە لە رووی ئەنفالچییەکاندا لابداو ئومێدێ بە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان ببەخشێ.**

بەپێی هەندێ سەرچاوەی غەیرە کوردی بێ هەڵمەتی یەکەمی ئەنفال لە 23ی شوباتی ساڵی1988 لە ناوچەی دۆڵی جافایەتی دەستپێکردووە و، هەڵمەتی هەشتەمیشی، کە دوا هەلمەت بووە، لە 25ی ئابی 1988 لە ناوچەی بادینان بووە، بەڵام لە 6ی ئەیلولی هەمان ساڵ پرۆسە بەدناوەکە کۆتایی هاتووە.سەبارەت بە دوایین هەڵمەت و بۆ راستی ئەم زانیارییە ئەوکاتە بەندە لە ریزی پێشمەرگایەتی بووم و ئێستاکەش لە بیرمە کە هەشتەمین هەڵمەت دوای ئاگربەستی جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێران دەستپێکردو ئەوکات هەریەك لە(حزبی شیوعی و پارتی و ئالآی شۆڕش و زەحمەتکێشان و پارتی گەل و ...) لە دۆڵی (خواکورك) بوون کە دەکەوێتە ناوچەی سێگۆشەی (عێراق.ئێران.تورکیا). بە هەرحاڵ ئەم زانیارییە تەنها بۆ جەختکردنەوە بوو.

سەرەتا بە پێی یاساکانی خودی رژێمیش بێ ئەو کەسانەی لە ئەنفالدا بەشداربوون، جا چ عەرەب چ کورد، چ سەرباز چ جاش، تاوانبارن.بەڵام ئاخۆ تاوانبارکردن و دادگایی کردنی ئەو کەسانە تەنها لە چوارچێوەی یاساکانی ناوخۆدا دەمێنێتەوە یان دەکەوێتە خانەی تاوانە نێودەوڵەتیی و دژە مرۆییەکانیش؟

هیچ گومان لەوەدا نییە بە پێی یاسا و رێککەوتنامە و بەڵێننامە نێو دەوڵەتییەکان و جاڕی گەردوونی مافەکانی مرۆڤیش بێت،سەرانی رژێم لە ئەنجامدانی ئەم کردە رەشەکوژییەدا تاوانبارن، تاوانباریش(عوبێد بێ یا زەید) بە

**پێی جۆر و ئاکامەکانی تاوانەکەی پێویستە بە سزا بگەیەنرێ.تاوانلێکراویش بە پێی یاسا بە تەواوی مافەکانی بگات.**

**تا ئێرە رۆشنە. بەڵام بۆ ئەوەی هەمان ئەو قسانە دووپات نەکەمەوە کە لە بەر زۆری بەکارهێنانیان سواو و بێ کەڵك بوون . سەرەتا دەڵێم لەم قۆناغەدا پێویستە، بۆ بە ژینۆساید ناساندنی پرۆسەی ئەنفال، پتری هەوڵەکان لە دەرەوەی عێراق و کوردستاندا وەگەڕبخرێن نەوەکو لە نێوخۆی عێراقدا ،بە تایبەتیش لە هەردوو بواری راگەیاندن و کردەییدا،چونکە کێشەکە تا رادەیەك دوای لە سێدارەدانی کۆمەڵێك لە تاوانباران، لە ناوخۆدا کەمڕەنگ بۆتەوە و، بۆ بە شێکی زۆری سیاسەتوانانی عەرەبی دەستڕۆی ئەمڕۆی عێراقیش رەنگە بە سزا گەیشتنی تاوانباران لە سەر ئەنفال کۆتایی مەسەلەکە بووبێت. بەڵام بۆ کورد لە ناوخۆی عێراقیش هێشتا کارێکی زۆر ماوە ئەنجامبدرێت کە بریتییە لە قەرەبووکردنەوەی کە سوکاری ئەنفالکراوەکان لە هەردوو لایەنی ماددی و مەعنەوییەوە و بە سزاگەیاندنی تاوانبارەکانی دیکەش،دواکەوتنی ئەم کارەش دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەو هێز و ناوەند و کەسایەتییە سیاسی و مافناسانەی خۆیان بە خەمخۆری ئەم کێشەیە دەزانن و بە شێکیشیان وەك نوێنەری یاسایی قوربانیانی ئەنفال لە دادگاییکردنەکاندا ئامادەبوون.لە نێو خۆی عێراقدا ئەنفال ، دوای زنجیرەیەك دادگاییکردنی سەرانی رژێم،تا ئەمێستا وەك کێشەیەکی لۆکاڵ مامەڵەی لە گەڵدا کراوە، کەمتەرخەمیش لەمەدا دەسەڵاتی کوردییە،کە وەکو پێویست نە لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا تا ئێستا جێ پەنجەی دیار بووە، نە لە سەنتەری بڕیار لە بەغدا توانیویەتی پێ لە سەر ئەم کێشەیە دابگرێ.هۆکارەکانی ئەم هەڵوێستەش رۆشنە چونکە هەروەك زانراوە زۆرجاران بەغدا بۆ کێشەی زۆر بچووکتر لە ئەنفال و هەڵەبجە وکەرکوك دەرگای حەوشی بە سیاسەتمەدارانی کورد نیشان داوە!**

**پێویستە ئەوە بگوترێ کە کورد لە بەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەختدایە، سەختی تاقیکردنەوەکە بەقەد سەختی تێگەیشتنە لە رووداوە ئاڵۆزەکانی ئەمڕۆکەی جیهان و دەورووبەر.ئاڵۆزی رووداوەکان پێویستی بە ئەزموونێکی قووڵە تا بتوانێ رەهەندەکانی بخوێنێتەوە و بە شێوەیەکی ریاڵیستانە و زانستی شەنیان بکا و لێکیان هەڵاوێرێ.زۆر بە داخەوە ئێمە نە خاوەنی ئەم ئەزموونە قووڵەین و نە دەشمانەوێ لە رێگەی دیالۆگدا لە یەکتر و ئەوانی دیکەی شارەزا فێر بین و سوود لە ئەزموونی گەلانی ژینۆسایدکراو وەرگرین. بۆیە لەو باوەڕەدام ئەگەر میللەتانی دەورووبەر تەنها ململانێیان لە سەر ئاڵوگۆکردنی دەسەڵات بێ و هەوڵی دابینکردنی زۆرتری بەرژەوەندە نەتەوەییەکانیان بن وئەمە تاکە کێشەیان بێ بۆ گەیشتن بە ماف و دەسکەوتی زیاتر، ئەوا ئێمە تەنانەت لە مەشیاندا ماوەی شازدە ساڵە نازانین چۆن موممارەسەی ئەو دەسەڵاتە بکەین تا زۆرینەی مافەکانمان دەستەبەربکەین.ئێمەی کورد خاوەنی کۆمەڵێ کارەساتی گەورەی وەك هەڵەبجە و ئەنفال و گەورەترین کۆڕەوی هاوچەرخین لە ناوچەکەدا،بەڵام زوو دوێنێ فەرامۆش دەکەین و پشتاوپشت بەرەو ئایندە هەنگاو دەنێین. لە بەر تاڵی دوێنێ نامانەوێ داهاتوو ببینین و لە ترسی داهاتووش ئاوڕ لە رابردوو نادەینەوە.تا لەم گرێیە دەروونییە ئاڵۆزە رزگارمان نەبێ کە بە درێژایی مێژوو وەك سایە بە دوای کەسایەتی کوردەوەیە، ئاستەمە لە ئاست کێشەیەکی مەزنی وەکو ئەنفالدا بتوانین کارێکی بە کۆمەڵی وابکەین تا بە جیهان و ناوچەکەشی بسەلمێنین کە ئەنفال هیچی لە کۆکوژی ئەرمەن و جولەکەکان کەمتر نییە و بە بڕیارێکی نێودەوڵەتی ئەمە بچەسپێنین، کە بۆ ئایندەی گەلەکەمان بەهایەکی بەنرخ و مێژوویی دەبێت.**

**چەسپاندنی ئەنفال وەکو ژینۆساید هەوڵ و کۆششێکی هەمەلایەنەی گەرەکە لە سەر هەردوو ئاستی ناوەوە و دەرەوەدا بۆ ئەمەش پێشنیار دەکەم:**

1- **هاوکات و هاوکار لە گەڵ هەوڵەکانی ناوەندی (چاك)، لیژنەیەکی تایبەت بە کێشەی ئەنفال لە خودی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان پێکبهێنرێت بە جۆری لە هەر ناوچەیەکدا لیژنەیەکی چەند کەسی لیستی**

**ناوی تەواوی ئەنفالکراوەکان و ناوچەکانیان بگرێتە خۆ بە هاوکاری دەزگا تایبەتمەندەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دابینکردنی تەواوی ئاسانکارییەکان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە.**

**هەر لە ئێستاوە لە ڕێگەی ماڵپەڕی دەنگەکانەوە هەڵمەتێکی فراوانی نێودەوڵەتی واژۆ کۆکردنەوە بۆ ناساندنی ئەنفال وەك ژینۆسایدی کورد دەسپێبکەین.** –2

**دەرەنجامی کۆتایی لیستی تەواوی واژۆکاران لە گەڵ یاداشتنامەیەکی هاوپێچ، بە زیاتر لە زمانێك، پێشکەش بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا و دادگای دادی نێودەوڵەتی و تەواوی ئەو ناوەندانە بکرێت کە پەیوەستن بە مافەکانی مرۆڤ لە سەرتاسەری جیهاندا.** –3

**لە هەر شوێنیٚ کە دەکریٚ ڕەوەندی کورد خۆپیشاندان و ڕێپێوانی ئاشتیانە بۆ ئەم مەبەستە ئەنجامبدا بە هاوکاری ڕێکخراوە مرۆڤ دۆست و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەوێدا.** –4

**هیچ حزبێکی کوردستانی نوێنەری لە نێو ئەم لیژنە تایبەتانەدا نەبێت کە بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە پێکدەهێنرێن، بۆ ئەوەی بێلایەنی پارێزراو بێت و ئالیەتی کارەکان بەرێکی بەڕێوە بچێت.** –5

**یاداشتنامەی تایبەت بەم یادە هەر لە ئێستاوە بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی جیهانی و ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت و ئیمێڵی کەسایەتییە ناودارەکانی بواری مافی مرۆڤ بنێردرێت.** –6

**هەڵمەتێکی فراوان سازبدریٚ بۆ کۆکردنەوەی تەواو ئەو بەڵگە نامانەی دەسەلمێنن کە چ کەسانێك لە ئەنجامدانی ئەنفالدا دەستیان هەبووە، بەڵام تا ئێستا پێشکەش بە دادگا نەکراون.** –7

**سەبارەت بە ڕۆڵی ڕۆژنامەگەری کوردیش لەمەڕ کێشە سەرەکییەکانمان لە دوای ڕاپەڕینەوە، وای دەبینم وەکو پێویست ڕۆڵی نەبووە. بۆیە بە پەسندی دەزانم لە جیاتی ئەم هەموو گوتارە سیاسییانەی بە درێژایی 16 ساڵ تایبەتکراون و، تایبەت دەکرێن بە یادە تراژیدیا ئامێزەکانی ئەم نەتەوە داهێزراوە و جگە لە ژان و ئازار هیچیتر بە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان ناگەیەنن، خودان پەیامێکی کۆمەڵایەتی بەرپرسیارانە بیٚ و، ئەم هەموو نووسینە ناکاتە هیچ ئەگەر هەنگاوێکی عەمەلییان لە پشتەوە نەبیٚ.. لە بری ئەو هەموو گەشت و سەفەرەی بە نێوی خولی ڕۆژنامەوانی و شتی دیکە، داراییەکی زۆریان بۆ تەرخاندەکرێت لە لایەن هەردوو حزبی باڵادەستی کوردستانەوە، باشترە بیر لە چارەسەرکردنی کێشە چارەنووسسازەکانمان بکەنەوە و پەیام و داواکانی ئەم نەتەوە ستەملێکراوە بە جیهان ڕابگەیەنن.. لە جیاتی ئەو هەموو ئاهەنگ و فیستیڤاڵانەی ساڵانە لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمەوە بودجەیەکی فراوانیان بۆ تەرخان دەکریٚ باشترە هەموو ئەمانە بۆ پڕۆژەگەلێك تەرخان بکرێن کە بە کردە سوود بە چەسپاندنی ماف و گەیاندنی پەیامی ئەم گەلە بە جیهان بگەیەنن.**

**کەی لە جەنگەکانی دەرەوەو دەوروبەردا سەرکەوتین ئەوکاتە شەڕە نووسینەکانی ناوخۆشمان لە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان یەکلادەکەینەوە. کەی توانیمان مانای نەتەوەبوون و نیشتماندۆستی دوور لە دەمارگیری بخزێنینە نێو پێکهاتەی هزری تاکی کورد، ئەو کاتە دەگەینە دەستەبەرکردنی تەواوی مافەکانمان، ئەمەش ئەرکێکی هەرە گرنگ و لە پێشی ڕۆژنامەگەریی کوردییە کە پێویستە ڕۆڵێکی باڵای تێدا بگێڕیٚ.لە هەموو جیهاندا گرنگ هەیە بەڵام هەمیشە گرنگتریش لە پێشەوە بووە. پێویستە هەموو ئەوانەی لە دوای ڕاپەرینەوە تاکو ئێستا لە بواری ڕۆژنامەوانیدا کاردەکەن پێڕەوی ئەم میتۆدە بکەن نا بۆ ئەوەی چاوپۆشی لەکەموکورتیەکان بکریٚ، بەڵکو بۆ ئەوەی سەرەتا یەکدەست بەرەو پێشەوە چارەسەری کێشە بنەڕەتییەکانمان بکەین کە تەنها بەنووسین و پڕکردنەوەی لاپەڕەی ڕۆژنامەکانمان بە گوتاری سیاسی قەبە و ڕووت نایەنەدی. کەی مافەکانمان چەسپان، ئەوکاتە سەرچۆپی گێڕی لێهاتوو زۆرن زەماوەندو ئاهەنگ و فیستیڤاڵەکانمان بڕازێننەوە!**